ئاسایشی نیشتمانی کەسێك بەتۆمەتی "سوکایەتیکردن بە پیرۆزییەکان" دەستگیر دەکات



دەزگای ئاسایشی نیشتمانی عێراق، ئەمڕۆ چوارشەممە دەستگیرکردنی کەسێکی ڕاگەیاند کە سوکایەتی بە پیرۆزییە ئاینییەکان لە بەغدا کردبو.

دەزگای ئاسایشی نیشتمانی لەڕاگەیەندراوێکدا باویکردەوە، "لە چوارچێوەی هەوڵە بەردەوامەکانی بۆ پاراستنی بەها ئایینییەکان و پاراستنی ئاشتی کۆمەڵایەتی، مەفرەزەکانی دەزگای ئاسایشی نیشتمانی لە بەغدای پایتەخت، توانیان یەکێك لەو تۆمەتبارانە دەستگیر بکەن کە هەرشیکردوەتە سەر ئیمامەکان (ڕەزای خوایان لەسەر بێت)".
ئاماژەی بەوەشکرد، "ئێپەڕاسیۆنەکە دوای چاودێریکردن و شیکردنەوەی گرتەیەکی ڤیدیۆیی بوە کە لە سۆشیال میدیادا باوبوەتەوە، کە تێیدا دو کەس دەرکەوتون کە سوکایەتی بە ئیمامە پاکەکان دەکەن و هەرشیان کردوەتە سەر ئیمامەکان (ڕەزای خوایان لەسەربێت)".
ۆنیشیکردەوە، "دوای بەدەستهێنانی ڵەزامەندی دادوەری پێویست، مەفرەزەکان بەڕەو شوێنی تۆمەتباری یەکەم ڕۆیشتن و دەستگیریان کرد، هاوکات تۆمەتباری دوەمیش لە ئێستادا لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە بە تۆمەتێکی دیکەش ڕاگیراوە".

ئاماژەی بەوەشکردوە، "تەمەتبارەکە هادەستی دەسەڵاتە پەیوەندیدارەکان کراوە بە تەواوکردنی ڕکارە یاساییەکان".